**دامەزراندنی حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی بەغدا!**

هونەرمەند هۆمەر دزەیی، فۆتۆکۆپی گۆڤاری کاروان، ژمارەی ٣١ نیسانی ١٩٨٥ ی، لە گەڵ کورتەنامەیەک ناردبوو، نووسیبوی: " برای خۆشەویست کاک برایم، ڕۆژباش! هەرچەندە کە دوورنیە ئەم ژمارەی کاروانەشت هەبێ کە کورتە باسێکی(حسن زیرەک)ی تێدایە، بەڵام نەبادا نەتبێ و ڕەنگبێ بۆ ئاهەنگی حەفتا(حەفتاوپێنج)ساڵەی لە دایک بوونی(زیرەک) کە بە تەمایت لە مانگی داهاتووا بیگێڕیت/سوودی لێ وەرگریت. لێرەش سەربەست بەتەمایە شتێک لەو بارەیەوە پێشکەش بکا. ////////////////////////////// برات هۆمەر- واشنتن ٩٦/٨/٩"


9/8/96
برای خۆشەویست کاک برایم
ڕۆژباش
هەرچەندە کە دوورنیە ئەم
ژمارەی کاروانەشت هەبێ کە
کورتە باسێکی (حسن زیرەک)ی تێدایە
بەڵام نەبادا نەتبێ و ڕەنگبێ
بۆ ئاهەنگی حەفتا ساڵەی لەدایک
بوونی (زیرەک) کە بەتەمایت
لە مانگی داهاتوو. بیگێڕیت/سوودی

لەم ژمارەیەی گۆڤاری کاروان، "کەماڵ ڕەئووف محەمەد" لە ژێر سەردێری "نهێنی یێکانی سێ گۆرانیی بێژی کوردستان" پاش پێشەکییەک باس لە سێ گۆرانیبێژ دەکات سەعید ئاغا "سەعیدئاغای جەزیری"، عەلی مەردان و حەسەن زیرەک. نووسەر بەم شێوەیە لە سەر زیرەک دەنووسێ و یەک لە نهێنییەکان دەدرکێنێ:


## نهێنی یێکانی سێ گۆرانیی بێژی کوردستان

● کەمال رەئووف محەمەد

- بەشی یەکەم -

پیرەمێردی ڕۆژنامەنووس و شەیدای هەواڵ و دروست کردنی کە جارو بارەش بەگاڵتەو گەپەوە دووای کەوتووە ، لە 1935 دا هەواڵێک دەگێڕێتەوەو دەڵێت: [ مەلا کەریمی* خاوەندی قەوانە خۆشەکان چووەتە هەولێر زاتێک سێ دیناری داوەتێ ، هاتووەتەوە لە کەرکووک لێیان دزیوە (میوانداریی وا دەبێ !) . ئەمڕۆ لە حەمام هێزی دەستی نەبوو بمشێلێ ، ووتم : مەلا چیت لێ قەومیوە ؟ ووتی : گاییکیان دەبرد ، بۆ خوویی لێ نێن . لەم سەرەوە هەڵی دەتووراند . لێیان پرسیی : کووێ دەچی ؟ بەگورجیکەوە بۆڕاندی ، ووتی : (میرو یە نمەك ، = دەڕۆم بۆ خووێ ك . ر . م) . لەو سەرەوە بارە خووێ بەرهەڵستی بڕیی بوو . پرسییان : کووێ دەچی ؟ بەرقیکەوە نووزاندی ، ووتی : (می .. را .. نندم بە .. کوتەك . = دەمناژوون بە کوتەك / ك . ر . م . ) . لە حەمام هاتمەوە بۆ باجی ئایشێم گێڕایەوە . ووتی : قەت دەنگ مەکە ! خوا حەقی گای کوڵ ، بەسەر شاخدارەوە نایێڵێ . ئەو بەزۆر پارەی لە بابە سەندبوو ، پێی چوو بووە هەولێر ! جا بزانین لە هەولێرەوە بۆی دەبژێرن ؟ ] .

ئەو یادگارە کە پرشنگی ڕووناکیی زۆرە ، ئەم پرسیار مان بۆ دادەڕێژێت : ئایا - بۆ وێنە - هێندەی مەلا کەریم ، بەختی قەوان و - کەمێکیش - لێ نووسینی هەبووە ، گۆرانیی بێژە کۆنەکانمان هەتا پێش و پاش جەنگی جیهان گیریی یەکەم ، بەختی ئەوهایان هەبووە ؟ ڕاستیی و بەڵگەی دیارو نووسراو کە بەبەر چاوەوەن ، دڵنیامان دەکەن کە ئەو گۆرانیی بێژانە - کلۆلانە - هەرگیز بەختیان نەبووەو ئەگەر تاك و تەرایان بەختێکیشی هەبووبێت ، هەر هێندەی پێ براوە ، شاعیرێکی* بەوەفاو هەست تەزیوی ئاهەنگ و زەمزەمە ، لە دێڕە شعیرێکدا : ناوی خۆی - یان - جۆرێکی ئاهەنگی هێناوە لەوە بەولاش ، دێرێکی ژیانیان ، باسی زانستانەی ئاهەنگیان تۆمار نەکراوە - یان - نەنووسراوە کە پاشە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ پێیان شادبێت - یان - بۆ گوڕی پێشکەوتن کەڵکیان لێ ببینێت ! بەلام - کۆمەڵێك* - گۆرانیی بێژی دووای ئەو جەنگە یەکەمەو دووەمیش ، هەل و بەختیان بۆ هەلکەوت کە دام و دەزگای تەکنەلۆژیی و پەیوەندیی بەستنی وەك : قەوان ، ڕادیۆ - ئەمجا تەلەڤیزیۆن - بەخۆیانەوە ، بەتووانا و بەهرەیانەوە ببینن ، کە کەم و زۆر ، بەهۆی تۆماربوونی ئاهەنگ و دەنگەوە ، ناوی خۆیان ، زیاتریش بەرهەمیان - کە هەیشیانە وون بووە* - کوێر نەبێتەوە .

بەهای ئەو دام و دەزگایانە - بە وێنەیێکی بچووك - بەوەدا دەردەکەوێت کە : ئەحەی ناسری* گۆرانیی بێژی - بێ یادگاری تۆمارکراو - بەناوبانگ بە قسە ، هەرگیز ناگاتە

88 کاروان/د/٣١/١٩٨٥

**حەسەن زیرەک**

ئەی ئەم؟ ڕاستی یێکەی- ئەو- کە ئەمەکداری گۆرانیی یادگاری باو و باپیری بوو، ئەمەکداریشی بۆ ڕادیۆ نیشان داوە کە بە شیعر(٢٤)، (فیلمۆچکەیێکی /فیلمێکی کورت) لە مەڕ بەشێکی ژیانی ئەو سەردەمەی لە بەغداددا گێراوەتەوە دەڵێت:

" بغداد، پاک گەڕام شارع، چاخانە- بووم بە شاگردی مسافرخانە/ باش کارم ئەکرد ڕۆژ و شەوانە- لە ئوتێل"شما"ل کە جێ ی کوردانە/"سەلاح" کوڕێ بوو پێ ی گووتم بدوێ- بەخوا ئازایە شەو و ڕۆژ نانوێ/ پێ ی گوتم برا بت بەم بۆ [ڕادۆێ]- هەوڵت بۆ ئەدەم بەڵکو بۆت بلوێ/ پێم ووت ئەی برام ئەی لاوی جەسور- لە بردنی من هیچ مەکە قسور/ جنسیەم نیە و خەڵکی ئێرانم-مەشوورم بە [زیرەک]ئاوازی خوانم/ بردمی بۆ ڕادیۆ بێ منەت بە گیان- جوان ڕەتی کردم لە پۆلیسەکان/ جوان ناساندمی بە "عادل عرفان" (٢٥)- هەمە کارە بوو لە ڕادیۆی کوردان/ گوتی برام کوردی؟ تۆش لە خۆمانی- ئا بۆمان بڵێ بەنێ گۆرانی/ کە بەندێکم گووت بە دڵی پڕ لە گریان- لە خوداوە جەرگیان بۆم بوو بە بریان/ گوتیان بەراستی لەهەجەی شیرینە- بەڵام داخەکەم کە بێ تەمرینە/ چەندە ڕێک خەر و سەدای خەمگینە- چەندە بە جۆش و چەندە بەتینە/ مەخلەس دامەزرام لە بەشی کوردی- لە ڕادیۆ"بغداد" هێگجار بە مەردی/ زوڵمیان لێ کردم مانگی "٦"دینار- مانگ لە گەڵ مانگ زیادیان کرد ناچار

لە نێو ئەو دێڕانەشدا کە ڕووناکیی ئاوێنەی ڕاستین، ناوی (سەلاح) شایانی ناسینەوەیە،(پێ ی گوتم برا بت بەم بۆ ڕادوێ...هەوڵت بۆ ئەدەم بەڵکو بۆت بلوێ). ئایا ئەم سەلاح ناوە، ئەو – کاک سەلاح-یە کە لە سەر گۆرانیی" ئەسمەر یارم جووانە" لە ساڵی ١٩٦٣ دا، لە ئێرانەوە نامەی(٢٦) سکاڵای بۆ نارد بۆ ڕادیۆ؟ یان سەلاح ناویەکێکی ترە؟ کاک سەلاحەکە( سەڵاح محەممەد حیلمی) لە نزیکەوە دیناسین و وەرگێڕ و وێژەوانی ڕادیۆی کوردیی بەغداد بوو، پێی گووتووین- ئەو- حەسەن زیرەکی نەهێناوە!

ئەی سەلاح کییە؟ پاش لێپرسینەوە و گەڕان بۆ ڕاستیی، سەلاح ناو هاتە بەرچاو و زمان:-

و- من، سەڵاح عیرفانم(٢٧) لە زستانی ١٩٥٠ دا کە چووم بۆ بەغداد، بۆ خوێندن لە بەشی ئینگلیزیی کۆلێجی ئاداب و علوومدا، هەتا ساڵی ١٩٥٤، لە بەشی کوردیی ئیزاعەدا گوتاری هەفتانەم دەربارەی کۆمەڵایەتیی و وێژە، پێشکەش دەکرد.

پ: لەو ماوەیەدا چی یادگار، بیرەوەرییێکت لە گەڵ گۆرانیی بێژێک هەیە؟

و- گەورەترین یادگار کە -من- هەم بێت و مایەی بەختیاریمە ئەوەیە، من بووم حەسەن زیرەکم ناردە ئیزاعەی کوردیی کە پێش چوونی، ناسیم.

پ: چۆن؟

و- هەتا ئێستا لە هیچ جێگایێکدا من ئەم قسەیەم نەکردووە و نەم گوتووە، ئیلا لە دانیشتنی تایبەتی خۆمانەدا نەبوو بێت. گەلێک جار نووسراوە، لە لایین حەسەن زیرەکیش خۆیەوە، چیرۆکی ئەمەیش دەگێرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٥. مانگی تەمووز- بوو، چووم بۆ بەغدا بۆ ئەوە واز لە مودەڕڕیسییەتی بهێنم- لە هەڵەبجەدا بووم- و وەزیفەییکی تر بدۆزمەوە. لە بەغداد لە ئوتێلی – شیمالولکەبیر- دابەزی بووم، خاوەندەکەی حەمەی دەروێش کەریمیان پێ دەگوت. لە گەل لاوێک لە ژوورێک بووم. ناوی خدرئاغا بوو خەڵکی

قەڵادزی کە مەشوور بوو- بە خدرئاغای ئاغاژن- وا بزانم ئێستاش ماوە و لە قەڵادزێدایە. خدر ئاغا بە منی گوت، کوڕێک هەیە، کوردە، زۆر جووان گۆرانیی دەڵێت و دەنگیشی زۆر خۆشە، بەڵکو یارمەتیی بدەیت- فەقیرە- لە ئیزاعەدا شتێکی دەست بکەوێت، ئاوا گۆرانی بڵێت! پرسیارم لێ کرد کە بیهێنێت...هاتە بەر دەرگەکە. لێم پرسی، گوتی، قوربانی چاووت بم، قوربانی باڵات بم! ئەو لەهجەیە لە لای من شتێکی غەریب بوو ئەو ساتە. زانیم کەوا کوردی ئێرانە. تەماشاشیم کرد- بۆیە- خزمەتچییە. ئەرزەکەی پاک دەکردەوە. ئێستاکە لە یادمدایە، سەتڵەکەی بەدەستەوە بوو، هەروەها ئەو گوێنییەی کە ئەرزەکەی پێ پاک دەکردەوە. لە حاڵەتێکی زۆر فەقیریدا بوو، هەمووی قووڕ و ئاوی ئوتێل سڕین بوو. گوتم: " تۆ گۆرانی دەزانی؟" گوتی: "بەڵێ". گوتم: "دە وەرە ژوورەوە بۆم بڵێ!". گوتی:" ناتووانم لە بەر خودان ئوتێلەکە، گوێی لە دەنگم دەبێت و پێی ناخۆشە، وەرە سەربان، ئێوە خۆتان بیهێممە یاد، لە چلەی هاوینی بەغدادا بچینە سەربانی ئوتێل، لە قرچەی نیوەڕۆدا، گۆرانیی بڵێت چی شتێکی سەیر و ئەنتیکەیە و خەڵک گوێیان، چاویان لێ بێت، دەڵێن چی؟ بەڵام خدر ئاغا ئیلحاحی زۆر لێ کردم کە لە گەڵی بڕۆم. گوتم"باشە با بڕۆیین!"

چووینە سەربان. لە سەر دوو قەڵوێرەوی ڕەق و ڕووتی گەرمدا ئەو بەرانبەری من و منیش بەرانبەری ئەو زۆر لە یێکەوە نزیک بووین، خدرئاغاش لە تەنیشتمەوە بوو. حەسەن کە ئێستا پێی دەڵێن حەسەن زیرەک، دەسی خستە پەنا گوێی، دەستی کرد بە گۆرانیی منیش حەزم بە گۆرانیی کوردیی دەکرد و لە ئیزاعەش گوێم لە هەموو گۆرانیی بێژەکانی ئەوسا بوو. بەڵام حەسەن وێنەی ئەوان نەبوو. خوا دەیزانێ چەند کەسانی تر لە پێش مندا گوێیان لێ بووە و گوێیشیان نەداوەتێ. ڕاوەستا. گوتم:" ڕامەوەستە، گۆرانیی خۆت بڵێ!". گوتی:" ئاخر تۆ، خۆ تۆ گەرمات دەبێت!" گوتم" هیچ ، گەرماییم لە بیر چووە. گۆرانیی یێکانی تۆ هێندە خۆشە، دەتوانم هەموو نیوەڕۆیێک بەم گەرمایە گوێت لێ بگرم. تۆ دەتەوێت من یارمەتیت بدەم، وا بزانم دەبێت تۆ یارمەتیمان بدەییت گوێمان لە گۆرانییێکانت بێت. دەنگت بەڕاستی زۆر زۆر خۆشە، هەڵستە بچینە خوارەوە. نامەیێکم بۆ نووسی. ئێستاکە زۆر باش دێتەوە یادم کە بە چی شێوەیێکم نووسی بۆ کاک کامیل کاکە ئەمین... گوتم: کاک کامیل، ئەم کوڕەتان بۆ دەنێرم کە دەیەوێت لە ئیزاعەدا بە گۆرانی بێژ دابمەزرێت. من خۆم، لە سەربانی ئۆتێکلە ئیمتیحانم کردووە بە پلەیێکی زۆر باشدا سەرکەوتووە. هەروەها گومانم نییە کەوا لە لای ئێوە زۆر باش دەردەچێت، بەڵکو یارمەتیی بدەییت و بە گۆرانیی بێژ دابمەزرێت. چونکە بە رای من لە هەموو گۆرانیی بێژەکانی کە لامانن، باشترە.

ئەو نامەیەو هێندێک پارەی کەم- زۆر کەم- کە لە تووانامدا بوو، دامی هەتا سوواری پاس بێت و بچێت بۆ ئیزاعە و ڕێگایشم بۆ وەسف کرد. پێم گوت، ڕۆژێکی دووشەممە بچۆ، ئەو دوو شەممەیێشم دێتەوە یاد. کە ڕۆییشت و هاتەوە، گوتی:" پۆلیسەکانی بەردەرگا نەیانهێشت بچمە ژوورەوە!" گوتم:" ئەی نامەکە؟". گوتی:" نامەکەیان لێ وەرگرتم بۆیان برد!". پاش چەند ڕۆژێک کاک کامیلم دییەوە گوتی:" بەڵێ هات و ڕۆژی ئیمتیحانمان بۆ داناوە. دووای ئەوەیش دیمەوە، گوتی قبووڵمان کرد بە گۆرانیی بێژ! بۆ دڵنیابوونی (٢٨) تەواوەتیی، دەربارەی ئەو باسە پرسمان بە مامۆستا کامیل کاکە ئەمین کرد:-

و- سەلاح عرفان دەناسم. کاغەزێکی بۆ نووسیم و کوڕێکی لە گەڵ ناردبوو، ئەو کوڕە، گوایە، حەسەن زیرەکە. پۆلیسەکان مەنعیان کردبوو، بەڵام کاغەزەکەیان لێ وەرگرت بوو، گەیاندیانە دەستم. من لە سەر ئەوە، دووبارە پاش چەند ڕۆژێک، چاوم بە سەلاح عیرفان کەوت. بە منی گوت، چیت کرد بۆ مەسەلەی حەسەن زیرەک؟ گوتم، وەعدەی ئیمتیحانمان پێ داوە. فەقەت ئەمە شەهادەی جنسیە و دەفتەری نفووسی هەیە؟ گوتی:" بەخوا نازانم- بە کاغەزێکەوە- بۆ سلێمانی بۆ لای مەئمووری نفوسی سلێمانی- بابان- ناو

بوو. ئەو دەفتەری نفووسی بۆ دەرهێناو هاتەوە بەغدا. لێرە بەوایستەی مودیری جنسییەوە. جنسییەی عیراقیشم بۆ دەرهێنا، ئینجا دامان مەزران(٢٩)

پ – هەفتەی بە چەند؟

و – بە ٢ دینار. لە پاش مانگێک بۆمان کرد بە ٣ هەتا گەیشتە ٦ دینار

پ – ڕەواجی هەبوو؟

و – زۆر زۆر.

---

–

پەراوێزەکانی گۆواری کاراوان ژمارەی ٣١ ساڵی ١٩٨٥ لاپەڕەکانی ٩١ هەتا ٩٣:

٢٤- شیعرەکان وەک خۆیان- بێ دەستکاریی- نیشانمان داوون. سەرچاوە: حەسەن زیرەک- هیوا عمر احمد(در). چاپخانەی ڕاپەڕین- سلێمانی.١٩٧٦

٢٥- عادل عرفان/عادیل جەمال عیرفان" ١٩١٥-١٩٦٩ وێژەوان و وەرگێڕی ڕادیۆی کوردیی- ئەو کاتە- کە ئامۆزای سەلاح عەلی عیرفانە. لە دەستنووسێکی- ١٩٥٦ یدا- کە لامانە دەردەکەوێت، جگە لە فەرمانی خۆی، هەروەها سێ ساڵ- چاوەدێری کاروباری تۆمارکردنی کردووە، کە گۆرانیی بەردەکەوێت، هەر بۆیێکە- زیرەک- ناوی هێناوە. دووریش نییە کە سەڵاحی ئامۆزای ئەویشی هان نەدابێت بۆ یارمەتیی دانی حەسەن زیرەک.(بنوارە وێنەی عادیل عیرفان).

٢٦- ئەو نامەیەی زیرەک لە ١٩٦٣/٥/٢٨ ناردوویێتی کە ڕەخنەی گرتووە بۆچی (گۆرانی ئەسمەر یارم جوانە- دەنگی منە لە ڕادیۆدا بە ناوی احمد شاباز بڵاو ئەکرێتەوە)؟ بنووارە باسی بڵاوکراوەکانی ئێمە: هاوکاری – ژ. ٤١٥. ٩٧٨١/٣/٦" لاپەڕەیێکی نهێنی حەسەن زیرەک". لێرەدا شایانی گوتنە کە یەکێک لەوانەی نهێنی بە نرخی چەند ڕۆژگارێکی – زیرەکی- بڵاوکردووتەوە. شاعیر حەمەی حەمە باقییە. بنوارە ڕۆژنامەی (ژین-ژ.٨٣,٧/١٩٧٢/٩ و ١٩٧٢/٨/٣١.

٢٧- سەڵاح عێرفان/ سەڵاح عەلی عیرفان. لە ١٨ی ئابی ١٩٢٧ دا لە ماڵی جەماڵ عیرفانی مامی- گەڕەکی کانیسان: سلێمانی- هاتووەتە دنیا. لە ١٩٥٤ دا بەشی ئینگلیزیی کۆلیجی ئاداب و علوومی لە بەغدادا تەواو کردووە. چەند فەرمانێکی دیوە هەتا لە یۆنیسکۆدا. لە ١٩٨٣/٨/١ دا کە مامۆستا بووە لە سانەوەیی سلێمانیدا. لە سەر داوای خۆی خانە نشین کراوە. لە ١٩٨٣/١١/٢٥ دا گفت و گۆمان لە گەڵ تۆمار کرد کە- لێرەدا- بە شێوەییێکی ڕۆژنامەنووسیی بڵاومان کردەوە.

٢٨- لە ١٩٨٤/٣/٦ پرسمان بە مامۆستا کامیل کرد و قسەیمان بە بیستن و تۆمارکردن- وەرگرت.

٢٩- لە مەڕ دامەزراندن و هێنانی حەسەن زیرەک، دەبێت ئەم نووسینەیش بخەینە بەرچاو کە، یادداشتی دەستنووسی هونەرمەند ڕەفیق چالاک-ی کۆچ کردوو کە لامانە، دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" هەر لە ماوەی ١٩٥٠/١٩٥٦ داو نازانم چ ساڵێکە، ڕۆژێکیان خوا لێ خۆشبو ئەحمەد دلاوەر( ئەکتەری لێ هاتووی

ڕادیۆ/ک.ر.م) پێ ی وتم کە گۆرانیی بێژێکی باش هەیە وا لە ئوتێل شیمال لە مەیدان. هەڵساین چوین کە تەماشا ئەکەم کوڕێک زەبون و لاواز. دیشداشەیەکی لەبەردایە و خەریکی سڕینی ناو هۆڵی ئوتێلەکەیە و ئارەقی شین و مۆری کردۆتەوە. پاش دواندن و گۆرانی وتن. بردمان ئەرزوحاڵمان پێداو لە ئیستگە کردمان بە گۆرانی بێژ.” ئەمیش ئەو کەسەیە کە لە دواییدا بەسەدان بەرهەمی گۆرانی لە عێراق و ئێراندا هێنایە ناو ناوان و حەسەن زیرەک بو. وەک خۆی بڵاومان کردەوە(ک. ر. م.)

ڕوونکردنەوەی ڕێداکسیۆنی ١٠٠ ساڵەی زیرەك: ئەم بابەتەی گۆواری کاروان لە هەموو ڕوویەکەوە وەک خۆی ڕاگوێزراوە.



کامیل کاکە ئەمین



عادیل عیرفان و سەلاح عیرفان ساڵی ١٩٦١



کاروان

لەم ژمارەیەدا

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی مانگانە

سەرنووسەر

محمد امین محمد احمد

31

نیسانی ١٩٨٥ ساڵی سێیەم

• وتەی ژمارە : سوپای دلێرمان هۆری حویزەی لە دوژمنی کومرا کردە کوردستان — سەرنووسەر 2

• لە یادی نەمراندا : قازی محمد ، میرزا مارف .. — محمد امین پێنجوێنی ، س . ع . شادمان 4

• لێکۆڵینەوە : — د . ئەمین عەلی پوتکچی ، انور محمد طاهر .. 7

• دیوانی کاروان : — جمال محمد اسماعیل ، شێخ طیب شێخ محمد ، کۆڵ ، محمد ئاواره ، داری ساری ، سەلمان کوفل ، ملا محمود مصطفی یوسف ، بشیر حسین سعدی ، شوکور ستەفا ، فریاد ابراهیم رسول 24

• جیهانی چیرۆک : — شەمال ، جلیل محمد شریف ، هیمداد حوسێن ، خەبات ئەحمەد ، شێرزاد حسن . 30

• وەرگێڕان : سروود بۆ بلبلێک .. — و . عومەر دزەیی .. 48

• هونەر — فاضل شمۆرۆ ، وریا ئەحمەد . 56

• ڕۆشنبیریی گشتی ئەنتۆگرافیا — رشاد میران 61

• تەندروستی : — دکتور عبدالکریم محمد علی ، مظفر رفیق محمد امین .. 68

• فۆلکلۆر : — احمد شادی ، ڕێکێش ئامێدی 75

• بەرهەمی لاوان : — فەرهاد کەردی ، نەجم خالید ، سەباح ڕەنجدەر ، محمد غفور . 82